گواستنەوەی عێراق: فڕۆکەخانەی نەودەوەی موسڵ دەست بە کارەکانی دەکات



وەزارەتی گواستنەوەی عێراق دەیت، ڕۆژی پێنجشەممەی داهاتوو فڕۆکەخانەی نەودەوەتی موسڵ دەست بە کارەکانی دەکات.

ئەمە سەشەممە ٤ـی تشرینی دووەمی ٢٠٢٥، نوسینگەی ڕاگەیاندنی وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن لە بەیاننامەیەکدا دەڵێت، فڕۆکەخانەی نەودەوەتی موسڵ دەست بە کارەکانی دەکات بە گەشتە ناوخۆییەکان، ئەمەش ڕێگە خۆشدەکات بە دەستپێکردنی گەشتە نەودەوەتییەکان لە ماوەیەکی نزیکدا.

دەشڵێت، فڕۆکەخانەکە بەتەواوی ئامادەکراوە و تەواو بووە لەهەموو لایەنە تەکنیکیەکان و بڕپێی ستانداردە نەودەوەتییەکان دروستکراوە و ئامادەیی و پابەندە بە ستانداردەکانی سەلامەتی.